

ئەیوب بارزانی

# بارودۆخی کوردستانو جووڵانەوەی جەماوەریی

شۆڕشەکەی گەلی تونس دەنگدانەوەیەکی مەزنی هەبوو لەسەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاش چەند ڕۆژێکیش شۆڕشی میسرییەکان هەڵایساو ملیۆنان هاووڵاتی گەلی میسر ڕژانە سەر شەقامەکانی شارە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە، بەتایبەت مەیدانی تەحریر لەقاهیرە، لەڕاستیدا ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییە کە بەدرێژایی چەندین ساڵە کەڵەکەبووەو پەنگی خواردووەتەوە ڕژێمەکەی بن عەلیو موبارەکی سەرنخونکردەوە.

لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەپەنجاوشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سوپا فاکتەری گۆڕان بوو، هەموو ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە لەپاش ئەو کودەتا سەربازییانە هاتنە سەرکار سیستەمی دیکتاتۆریی بۆگەنبوونو لەڕووی خۆشگوزەرانییو دادی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی شارستانییەوە لەئاست ویستو خواستەکانی گەلاندا نەبوون.

دواتر سوپاکان لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە جڵەوکران، هێزە چەکدارەکان خرانە خزمەت دیکتاتۆرو کرانە پاسەوانی ڕژێمەکانیان، بەشێوەی تونسو میسرو عێراقی سەددام حسێن، ئەوە بۆ پتر لەسی ساڵە ڕۆڵی گەلان پەراوێزخراوەو سەرشۆڕکراوە، ئیدی سەردەمی شۆڕشی جەماوەریی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەستیپێکردووە، ئەمڕۆ تونسو میسر سبەینێش ڕەنگە یەمەنو جەزائیرو وڵاتانی تر بەکوردستانی فیدراڵیشەوە.

چەندین خاڵی هاوشێوە هەیە لەنێو ئەو دەوڵەتانەی کە تووڕەییو تینوتاوی جەماوەریی بەخۆوە دیووە، کوردستان لەژێر دەسەڵاتی خێزانیی لەهەولێر، هاوشێوەی ڕژێمە خێزانییەکەی تونسە لەڕووی قۆرخکردنی یەک خێزان لەگەڵ زاواو منداڵو خاڵو ئامۆزاو کەسە نزیکەکانیان، ئەوانەی کە لەڕووی ژیانی ئابووریو داراییو گرێبەستی بازرگانیو تەملیککردنی زەویو زارو مامەڵەکردن بەداهاتی گشتییەوە وەک موڵکی شەخسیو دەستگرتنیان بەسەر هێزە چەکدارەکانو دەزگا ئەمنییە سەرکوتکارەکانیان، هەمووشتێکیان لەپێناو خۆیاندا قۆرخکردووە.

هەمدیسان هاوشێوەن لەڕووی ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانو تەشەنەسەندنی گەندەڵیو بەرتیلو خزمخزمێنەو لەخشتەبردنی کۆمەڵگە، دیسانەوە هاوشێوەن لەڕووی تەمەن درێژییان لەدەسەڵاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستو نایاسایی.

گەلی کورد لەدوای شکستی عێراق لەجەنگی کوێتدا ڕاپەڕینی بەرپاکرد، هەرگیز بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی خۆی نەگەیشتووەتە ئەم ئاستە، ئەمەش بەهۆی هەژمونی حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی بەغدادەوە، دیسانەوە نەیتوانیووە خۆی دەربازبکات لەچنگۆڵەی سەرکوتکارە ناوخۆییەکان، هەموو تواناکانی خستووەتە گەڕ بەئامانجی بەگژداچوونەوەی سەرکوتو ستەمی دەرەکی.

هەرێمی کوردستان جۆرێک لەسەربەخۆیی سنووورداری هەیەو بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی بەغدادو موسڵ، ئاسایش بەرقەرارترەو بودجەی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم بارودۆخە تایبەتە ئەزموونێکی مێژوویی گرنگە، بەرپرسانی کورد دەریانخست کە لەڕووی دڵبژۆکیو چاوچنۆکیو توندوتیژییو ساختەکاریو درۆو دەلەسەوە هیچیان کەمتر نییە لەدیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر لەخانەقینەوە بۆ زاخۆ بەکەرکوکو سلێمانیو هەولێرو دهۆکەوە، ناڕەزایەتی جەماوەریی سەریهەڵداوەو تینوتاوی سەندووە، لەگەڵ سەرجەم قەزاو ناحییەو گوندەکان لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەریی پتر لەسلێمانیدا خۆی دەبینێتەوە وێڕای فەراهەمبوونی پانتاییەکی بەرفراوان لەئازادیی، ناڕەزایەتی جەماوەریی لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی پارتیدان فرە زیاترو تووڕەو تۆسنترە، بەڵام بەشێوەیەکی پەنهان وێڕای سەرکوتو کپکردنی بەردەوامی ئەو ناوچانە کە لەلایەن خانەوادەی دەسەڵاتدار لەهەولێرو دهۆکدا ئەنجامدەدرێت.

دەبێت دوو فاکتەری بنەڕەتی بەهەند وەربگرین لەحاڵەتێکدا ئەگەر بێتو جووڵانەوەی جەماوەری کوردستانی بخوڵقێت، فاکتەری دەرەکیو فاکتەری ناوخۆیی، لەهەردوو حاڵوباردا مەترسیگەلێک دروستدەبن، لەحاڵەتی یەکەمدا دەبێت بەهەستیارییەوە لەدەستێوەردانو پلانی دەوڵەتانی هەرێمی بڕوانین، تارانو ئەنکەرەو دیمەشق، پێویستە ڕێگەنەدرێت بەپیلانگێڕانی ناوخۆیی بەفەرمانی دەرەکی جەماوەر دنە بدەنو تەیاری بکەنو کارنامەی بۆ دابنێن، چۆنو کەیو کێ پێیهەڵدەستێت.

دووەم، فاکتەری ناوخۆیی لەهەڵایساندنی ڕاپەڕیندا خۆی دەبینێتەوە بەشێوەیەک هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە، لەڕێگەی هەوڵی تەیارکردنی گەلی کورد لەسەرجەم شوێنەکاندا، دەبێت هێزەکانی لادێ لەگەڵ شاردا یەکبخرێتو هەوڵی تەرەفگیریی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش بدرێت بەلای جەماوەردا، ناشبێت ئەو مەترسییە لەیادبکەین کە "ڕێبەرانی کلاسیکی کورد"، یاخود "ئۆپۆزیسیۆنی ئینتیهازیی"، بەری ئەو سەرکەوتنانە بخۆنو دروشمەکانی ڕاپەڕینی جەماوەریی بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، ئەمەش لەمێژووی نزیکدا چەندینجار ڕوویداوە لەڕاپەڕینەکانی کورددا، بەمشێوەیە جەماوەری هاروژاوو خرۆشاو شکستیان هێناوە لەگۆڕینی سەرکردەکانیان بەکەسانی شارەزاو دەمودەستو داوێن پاک بەدوور لەبیری بەرژەوەندخوازییو قین لەدڵی حیزبیو پاشماوەکانی ململانێی چەکداریی ناوخۆیی، باشتروایە پێش ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکو هەر ڕاپەڕینێکی جەماوەری کوردستانیدا ئەم دوو فاکتەرە خەتەرناکە لەبەرچاو بگیرێت، بەوردیی حسێبی بۆ بکرێت.

پێویستە تەماشای تونسو میسر بکەین، لەهەردوو حاڵوباردا دەبێت سەرنجی پرۆسەکە بدەینو ئەو کەسانەی کە هاوکاری سەرکوتکاری ئەو ڕژێمانەیانداوەو بەشێک بوون لەو ستەمو زۆرە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، گۆڕانی ڕاستەقینە دەبێت هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەناوەندەکانی قەرارسازیدا بوونو دادگایی بکرێن.

بەبڕوای بەندە گۆڕانکاری شتێکی حەتمییە، هەروەها بەدیهێنانی پێشکەوتنی شارستانیانەی گەلی کورد پێویستی بەکۆتایی هێنانە بەڕێبەرە کلاسیکییەکانی کورد (بەرپرسیاران لەتەشەنەسەندنی گەندەڵیو پاشکەوتنی شارستانیو جەنگی ناوخۆییو دەسەڵاتی خێزانی)، هەمدیسان پێویستە وریابین نەکەوینە تەڵەی دەوڵەتانی هەرێمییەوەو ئەو دەستکەوتانە بپارێزین کە بەهۆی قلپبوونەوەی ڕژێمەکەی سەددامەوە بەدیهاتوون.